وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:36**
**رۆژی دەرهێنان: 2004/8/8**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(46)ی رۆژی (2004/8/7)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(36)ی ساڵی/2004**

**یاسای خانەنشینیی خاوەن وزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستانی عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

ئەم یاسایە، ئەم عینوانە وەزیفییانەی خوارەوە دەگرێتەوە:
1-بریکاری وەزارەت.2-پارێزگار.3-راوێژکار.4-بەڕێوەبەری گشتی.5-شارەزا.6-سەرۆکانی زانکۆکان و سەرۆکانی هەیئەتەکانی پەیمانگە هونەریەکان وئەندامانی هەیئەتی تەدریسی زانکۆو پەیمانگەکان، ئەوانەیان کە پلەی ئوستادیان هەیە.7-خاوەن پلە تایبەتەکان 8-سەرۆك و ئەندامانی کۆڕی زانیاریی کوردستان.

**ماددەی دووەم:**

ئەوانەی لە سەرەوە ناوبراون، تەمەنیان بگاتە شەست و پێنج ساڵ خانەنشین دەکرێن و، لە حاڵەتی ئەوپەڕی زەرووره تیشدا، لەسەرداوای وەزیری پێوەندیدار، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە خزمەتیان بۆ ماوەی (3)سێ ساڵ درێژبکاتەوە، دوای ئەوەش، چار نییەو، دەبێ خانەنشین بکرێن.

**ماددەی سێیەم:**

1-ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە خانەنشین بکرێ، مووچەیەکی خانەنشینیی پێدەبڕێ بەرێژەی(50٪)ی دوایین مووچەو دەرماڵەکەی و، بۆ هەرساڵێ لە ساڵەکانی خزمەتیشی لە وەزیفە ناوبراوەکانی سەرەوەدا رێژەی (5٪)بۆ مووچەخانەنشینییەکەی زیاد دەکرێ، بەمەرجێ مووچەی خانەنشینییەکەی لە رێژەی(75٪)ی دوایین مووچەو دەرماڵەکەی تێنەپەڕێ.

2-ئەوانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو بە هۆکاری ئەندروستی خانەنشین دەکرێن، یان دەمرن، رێژەی (75٪)ی دوایین مووچەو دەرماڵەیان پێدەبڕێ، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ماوەی خزمەتە فیعلییەکەی لەو وەزیفانەدا کە ناوبراون.

**ماددەی چوارەم:**

ئەگەر کەسێ لەوانەی لە ماددەی یەکەمی سەرەوەدا ناوبراون، خانەنشین بکرێ، ئەوە، سەرپشك دەکرێ کە بەپێی ئەم یاسایە مووچەی خانەنشینیەکەی وەربگرێ، یان بە پێی یاسایەکی خانەنشینیی دیکە کە گرتبێتییەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەوانەی بەپێی ئەم یاسایە خانەنشین دەکرێن و دەرماڵەی هاوسەرێتی و منداڵانیان بەردەکەوێ، ئەوە، بەپێی ئەو رێژانە پێیان دەدرێ کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتوون.

**ماددەی شەشەم:**

ئەوەی خانەنشین بکرێ، بەرتەقای کۆی مووچەو دەرماڵەی شەش مانگی پێ دەبەخشرێ بە پێودانگی دوایین مووچەو دەرماڵەکەی. ئەو بەخششە لە هەرێمدا تەنیا یەك جارە.

**ماددەی حەوتەم:**

مافی خانەنشینی، دوای مردن، بۆ وەرەسەیە. ئەو وەرەسانەش کە مافی خانەنشینیان بەردەکەوێ، بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە(33)ی هەموارکراوی ساڵی 1966یاسای خانەنشینیی مەدەنی و بەپێی ئەو بڕیارانەش کە لەم بارەیەوە دەرهێنراون، پێیان دەدرێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، لە مافی خانەنشینی بێبەش دەکرێن:

1-ئەگەر جەریمەیەکی کردبێ زیانی بە ئاسایشی هەرێم یان بە ئابووریی نیشتمانی گەیاندبێ.
2-ئەگەر بە جینایەتێ یان بە جونحەیەکی ئابڕووبەر حوکم درابێ.
3-ئەگەر لەسەری ساغ بووبێتەوە کە بە ئەزمی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی هەرێم، لەگەڵ دەوڵەتێکی بیانیدا دەستی تێکەڵ کردبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

1-گلدانەوە(التوقیفات)ی خانەنشینی، لەو کەسانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بەپێی ئەو رێژانە دادەشکێنرێت کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتوون.
2-گلدانەوەی خانەنشینی، هی ماوەی پێش بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەمووی بەسەریەکەوە دادەشکێنرێن، یان دەکرێن بە قیستی مانگانە، بە مەرجێ لە ساڵێك زیاتر نەترازێ.

**ماددەی دەیەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە(33)ی هەموارکراوی ساڵی (1966)لە هەر کەموکورتییەکی مافی خانەنشینیی خۆیان ئیعتیراز بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەوانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەر لە دەرهێنانی ئەم یاسایە خانەنشین کراون و بەر ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە کەوتوون، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو مووچەکانیشیان لە رۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایەوە هەمواردەکرێت.

**ماددەی دوازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سیازدە:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی چواردە:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاۆکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

د.ڕۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی ـ عێراق